عەبدوڵڵا سەمەدی

# ئەستێرەیەک ڕاخوشی

## ئاوڕێک وەسەر ژیان و بەرهەمی مامۆستا مەلا کەریمی فیدایی

١٩٩٣ ـ ١٩٢٨



شەوی چوارشەممۆ، پێنجی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی [= 25 march 1993 ]، لە کوێرە دێیەکی موکریان، بە ناوی " کاوڵانی سەروو "، پیرەپیاوێکی شەست و پێنج ساڵە دڵی لە کوتان کەوت و مرد. ئەو پیرەپیاوە کە پتر لە ساڵێک بوو لەگەڵ نەخۆشیی "شێرپەنجە" دەستەویەخە ببوو و پەلەقاژەی ڕاوەستان و مانەوەی دەکرد، **مامۆستا مەلا کەریمی فیدایی** بوو.

سەعات دوازدەی نیوەشەوی ئەو شەوە تاریک و شوومە، کێ دەیزانی ئەم لەشە سارد و ئارامە، هی یەکێک لە دوایین شۆڕەسوارانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە؟

* * *

ساڵی ١٩٢٨، لە ئاوایی **سیسێر** ی ناوچەی **گەورکی سەردەشت،** لە بنەماڵەیەکی هەژاردا، لاوێکی وەرزێڕ بە ناوی سمایل و هاوسەری خۆشەویستی بە ناوی ئامان، دڵیان بە لەدایکبوونی کۆرپەیەک شاد و ماڵیان ئاوەدان بۆوە. ناویان نا **کەریم،** چونکە ئەو منداڵەیان بە بەخشش و دیارییەک دەزانی لە لایەن یەزدانەوە. سمایلی نەخوێندەوار بە ئاوات بوو کەریمـی بچکۆلە، پێهەڵگرێ و خوێندەوار بێ و بۆ ڕێگەی تاریکی ژینی پاشەڕۆژ چرای "زانست"ی بە دەستەوە بێ. کەریم لە تەمەنی حەوت ساڵی پێی نایە خوێندن؛ پێی نایە ڕێگایەک کە هەژدە ساڵ درێژەی هەبوو. لە ماوەی ئەو هەژدە ساڵەدا، بە دابی فەقێیەتی لە کوردستاندا، زۆری ئەم دێ و ئەو دێ کرد. زۆر ماندوو بوو. برسێتی و هەژاری و کوێرەوەرییەکی زۆری چێشت. تاکوو لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٥٣ لە خزمەت **مەلا ئەحمەدی حەیدەری** لە ئاوایی **نمەشیر** ی بانە دەرسەکانی ئەو سەردەمی بە دوایی گەیاند و ئیجازەی وەرگرت. پێنج ساڵ لە گوندی **نستان** دانیشت و خەریکی دەرس گوتنەوە بوو. ساڵی ١٩٥٨ هاتە کاوڵانی سەرێ، ئاواییەکی خنجیلە و ئارامی قەدپاڵی کێو. ئیتر نە بە زیندوویی و نە بە مردوویی ئەم شوێنەی بەجێنەهێشت. سیوچوار ساڵ لەوێ دانیشت و لە هەموو غەم و شادییەکی خەڵکدا هاوبەش بوو.

مەلا کەریم مرد؛ وەکوو هەزاران مرۆڤی تر. بەڵام ئەوەی پاشی مردن ناوی مەلاکەریمی زیندوو ڕاگرت و نەیهێشت لە بیر، نەک خەڵکی تەنیا گوندێک، بەڵکوو لەبیری گەلێک بچێتەوە، دڵسۆزی و خزمەتی ئەو بوو بە نەتەوەکەی.

ئەو، ئێش و ئازاری گەلەکەی هەست پێکردبوو و بڕیاری دابوو ژینی خۆی تەرخان بکا بۆ سووک کردنی ئەو ئازارانە. دەستی دایە قەڵەم و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، یانی ئەو دەمەی کە مێرمنداڵێک پتر نەبوو، بەو زمانەی کە دایکی لە پەنا بێشکەکەی لای لایەی بۆ کردبوو، دەستی کرد بە هۆندنەوەی بەرمووری شێعر، و لەو بڕیارەی پاشگەز نەبۆوە، هیچ، بەڵکوو زیندان و ئەشکەنجەشی بۆ کێشا. ئاکامی ئەو هەوڵە پیرۆزەی بووبە هەزاران دێڕ شێعر، بە ناوی **دەسدێن**.

دەسدێن دیوانی شێعری کوردییە و قسەی دڵی شاعیرە. غەزەلەکانی ئەو دیوانە حەکایەت لە هەستێکی خاوێن و ڕوون دەکەن و بەرهەمی ڕۆژەکانی تەمەنی هەستیارێکە، کە گا لە شاگەشکەی خۆشیدا بووە و گا ڕوندکی حەسرەت و دووری لە سەر ڕوومەت. گا لە بۆنەیەك دواوە و گا بە جوانی و ڕازاوەیی سروشتی زێدەکەی هەڵداوە:

ئەی عاشقی زەمزەمەی فیدایی — شەیدایی هەوایی ئاشنایی
پەروانەیی مەنزڵی ئەدیبان — ئەی هەمدەمی ئاشنا و غەریبان
تێفکرە ئەتۆ لە شێعرەکانم — هەڵبگرە زوبەرجەدی گرانم
هەر دانەیێ گەر لەوانە باشە — بۆ ئێوە بزانە، خۆ بە لاشە
هۆنراوەیی من لە چەندە جۆرە — تێکەڵ بووە، لێکدراوە، زۆرە
هەر جۆرەیێ لەو بە جۆرە ڕەنگێ — هەر بەستەیێ دەنگ ئەدا بە دەنگێ
نووسیمەوە وا لە ڕوویی پەرتووك — ڕازایەوە دەفتەرم وەکوو بووك
تۆ دەسبەرە شێعر و دەفتەری من — بەو مەرجە بە با نەدەی سەری من
هەر جۆرە کە بتهەوێ وەدەس دێ — پەنجەت لە پرێسکەکانە دەدرێ
چون هێندە پرێسکە گشتەکەی پێن — پەرتووکەکە نێو نرا بە **دەسدێن**

پاشان بیری ئەم شاسوارە، بۆی دەرکەوت کە بەشێکی زۆری زمان و مێژوو و نەریت و هونەری کوردی، لە یەغدانێکی نەتەوایەتیدا پارێزراوە بە ناوی **بەیت**. و ئەو یەغدانە ئەگەر زوو ئاوڕی وەسەر نەدرێت و نووکی خامەی لێوەکار نەخرێت، مەترسیی لەناوچوونی نزیکە. چونکە بەیتەکان تەنیا ئەدەبێکی زارەکین و سینگاوسینگ دەپارێزرێن و بە مردنی هەر بەیتبێژێك، بەشێك لە وێژە و زمان و دیرۆکی کوردیش دەمرێ و لەناو دەچێ.

ئەو، نیشانەی پێکابوو، و ڕێگای گرینگترین خزمەتی دۆزیبۆوە. هەر ئەو نیشانەی کە سێسەد ساڵ بەر لەویش، **ئەحمەدی خانی** پێکابووی. وەك چۆن خانی دەستی دابووە لووتکە و مەم و زینی هەڵبژاردبوو، خانیی سەردەمی ئێمەش هەر لە لووتکەوە دەستی پێکرد، و شاکاری ئەدەبی زارەکی، واتە: **لاسوخەزاڵ** ی هەڵبژارد.

ئەو، هیچکات بێبوار لە ئاوی نەدەدا. ئەمجارەش بە پشوویەکی درێژ و لە سەرەخۆ، دەساڵ لە سەر ئەو بەیتەی کۆڵییەوە. لە زاری ئەم و ئەوی بیست، و دیسانیش بە شوێن بەیتبێژێکی شارەزاتر و باشتردا دەگەڕا. تا دوایین جار، دوایین گرێکوێرەکانی ئەم کارەی بە دەستی سەربازێکی ونی پارێزەری زمانی کوردی بە ناوی **وسێن کەنیلە** کردەوە و دوایی بە لێکۆڵینەوەکەی هێنا. ئەمجار پرێسکەی دەساڵەی گەڕان و سەفەرەکەی لە بەردەم خۆی هەڵڕشت و بە هونەری شێعر، دەستی کرد بە هۆندنەوەی و لە ماوەی شەش مانگدا کارەکەی بە ئەنجام گەیاند و لە ٤٧٠٠ دێڕە شێعردا هۆندییەوە.

ئەو، بە داڕشتنەوەی سەر لەنوێی ئەم بەیتە بە شێعر، ئەم چیرۆکەی ژیاندەوە و **لاسوخەزاڵ** ی لە گۆڕ هەستاندەوە. مەلاکەریمی فیدایی چونکە خاوەنی ئامانج بوو، لە کارەکانیدا ڕێگەی بەرەو ئامانجەکەی دەبڕی. لەم کتێبەشیدا لە هەر کوێ بۆی لوابێ، زۆر وەستایانە، بەیناوبەین خۆ دەدزێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر ئامانجەکەی و بە زاری قارەمانی داستانەکەیەوە دەدوێ:

یاڕەب بە بزەی چرایی ئیمان — بۆ خاتری مستەفا و قورئان
هەوەڵ لە خەتایی من ببوورە — تۆ مەمکە لە بەخششت بە دوورە
دووهەم بکە ڕوحمێ تۆ بە کوردان — ڕزگار کە ئەو گەلەی لە دەردان

بۆ کورد کە چیایی ژینە هەوراز ڕێگابڕی کێوی بەرزە بێواز
تۆ ئەو گەلە لەو کەلەی وەسەرخە ڕۆژی لە کەلی هومێد دەرخە
با ئەو بە ملی کەچ و چرووکی ئەو ژینە نەباتە سەر بە سووکی
چون کوردە فیدایی، گەر نەما، مرد حەشری بکە ئەی خودا دەگەڵ کورد...
قەومێ نەتەوەی کە بێسەوادە دەسوێتەوە هەر وەکوو لبادە
لە ژیانی بە دوورە، بەشخوراوە لێدان بە قامەتی بڕاوە
زیندانە مەکان و مەنزڵی ئەو دەسبەندە هەڵاڵە و گوڵی ئەو
قەومێ کە نەزان بن، دیارن بێوازن و ملکەچ و هەژارن
قەومێ کە بە عیلم ئاشنا بوون بێبەش لە دنە و فریوی جادوون
ئەوهەی کە مەزەی عیلم دەکا نۆش ماقی گەلەکەی دەکا فەرامۆش؟...
چیکردووە ئەی فەلەك گەلی کورد جەرگی بە چەقۆیی غەم دەکەی ورد
گەنجێ کە لەبۆ گەلی لەبارە زیندانییە، یا درا لە دارە
دێ ئەو هەل و ڕۆژە، زوڵمپیشە ببڕینەوە داری تۆ لە ڕیشە
گەر بێتەوە کاتی تۆڵە ساندن دەڕوا لە سەر ئێوە خۆنواندن...
تا هەم، هەمە بۆ گەلم مشوورم نیزیکم و نەك لەوانە دوورم
بەو ئاوە دەژیم و هەر ژیاوم ئەو خاکەیە هێزم و هەناوم
قوربانتم ئەی چیایی کوردان ئەی بێشەیی پڕ لە شێرەمەردان
ڕۆژێ نەتەوەی ئەتۆ کە ئازاد بێ، ئەو دەمە تەیری دڵ دەبێ شاد
ئەو ڕۆژە یەقینە هەر وەدی دێ غەم، دەرد و پەژارە خۆ بنی دێ...

مەلا کەریم بەر لەوە، سێهەزار دێڕ شێعری کوردی، لە مەترسیی ناحەزانی زمانەکەیدا لەناو چووبوو. بەڵام ئەمجار نەیدەویست ئەم کۆرپە نازدارەشی بە مەراقی ئەوانی پێشوو بچێ. ئەوە بوو کەوتە ئەندێشەی پاراستنی. بە زەینیداهات کە بەرگی کەسکی بۆ بدروێ و بیخاتە سەر ڕەفەی دیواری قیبلەی ژوورەکەی. تاکوو هەر ناکوردێك کە بە شوێن دۆزینەوەی نووسراوەیەکی کوردیدا، دەستی کردە پشکنین و هەڵڕشتنی کەلوپەلی ماڵەکان، وابزانێ کە لە سەر ڕەفەی دیواری قیبلەی ماڵی مەلایەکی ئاوەدانیدا، تەنیا قورئان لە بەرگی کەسك وەردەپێچرێ، و نەوێرێ بێحورمەتیی پێبکا.

کە لە غەمی ئەو کارە گرینگە ڕەخسا، دانیشت و ئاوڕێکی وەسەر ژیانی خۆی داوە. دیتی کە لەو ماوە کورتەدا، زۆر کارەساتی چاو پێکەوتووە و شاهیدی ڕووداوی سەیر بووە. بەو بڕوایە کە ئەم کارەسات و ڕووداوانە لە دواڕۆژدا، هەرکام لاپەڕەیەکی مێژووی نەتەوەکەی پێكدێنن، پێیاندا هاتەوە و بە وردی لە هەزار دێڕدا، لە دوو توێی دەفتەرێکا، بە ناوی: **مێژووی ژیان**، بە شێعر تۆماری کردن و ئەویشی خستە ناو بەرگی سەوزەوە.

گەورەپیاوان لە خۆ نادوێن. ئەویندارن و لە هەموو شتێکدا تارمایی یار دەبینن. مەلاکەریمیش بە بیانووی مێژووی ژیانی خۆی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ناوچەی سەردەمی خۆی تۆمار دەکا، کە ئەویش کەلێنێك لە مێژووی وڵاتەکەی پڕدەکاتەوە:

شەوێکی عاجز و پەرت و وەڕەز بووم وەکوو بولبوول گرفتاری قەفەز بووم

کوتوپڕ یاری شیرینم وەدەرکەوت	لە تاوانی گڕم گرت هەر وەکوو نەوت
شەوێکە هەر وەکوو زولفت درێژە	سیاڕەنگ و پەرێشان و بە گێژە
نەزیلەی خۆم و مێژوویی ژیانم	ئەمن دەیلێم ئەوەی ئەورۆ بزانم
لە کاتی خۆشی و ڕۆژی ڕەش و تاڵ	لە منداڵی هەتا زیاتر لە چل ساڵ
بە کورتی من دەکەم باسێ لە ژینم	لە دەرد و ماتەم و عیشق و ئەوینم
لە سەر ئەو عەرزەدا من بۆیە شادم	هەموو کوردن بەر و پشت و نەژادم
شوکر بۆ ئەو کەسەی ئەمنی دروستکرد	بە ئەولاد و نەوەی هۆزی گەلی کورد
بە کوردانم دەنازم من هەتا هەم	وەفادارم بە ئەو هۆزەی هەموو دەم...

ئەو، لە سەردەمێکدا کە ژینی گەلەکەی بە شەوێکی تاریك و دوور و درێژ دەزانێ، پەردەی ناهومێدی دەدڕێ و هەرچی بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە جێی دێنێ. لە هەزار دێڕە شێعردا ژیانی خۆی دەکاتە هەوێنی چەند وردە باسێکی مێژوویی و تەنانەت جوغرافیایی وڵاتەکەی:

کەسێ بشتە هەواری **سێوەسوورە**	هەتا دەمرێ لە دەرد و غەم بە دوورە
لە **بەردی کوڕ** ئەگەر ئازا نەبێ کوڕ	دەترسێ، ڕوحی ئەو دەڕوا کتوپڕ
لە کوێستانێ کەسێ گەر بێ بەرەو دێ	زەمینی ئاویی و دێمی وەبەر دێ
لە **کوتوران** و **پساوك** تا **بناوان**	کلە، گەر تۆ دەکەی تۆزی لە چاوان
لە **قۆلی** تا بە شیوی **شەولەبانی**	هەموو وەرزانی باشە دەغڵ و دانی
کە **جمگێ** یا زەمینی **پیرەفاتێ**	بکێڵی تۆ، خودا گەنمت دەداتێ...
بەرابەر دێ دەبینی تۆ **قەلاتێ**	مەگەر پەڕکوور شاباڵی بگاتێ
دەنا کێوێکە سەرقووچ و حەسارە	ئەوێستا بەرد و دیواری دیارە
بەرابەر ئەو قەلاتەی، **سێ تەرازوو**	دروستی کردووە مەردێ بە بازوو
وەهای داناوە ئەو ئەستێرەناسە	کە لەودا سەد نەسیری تووسە کاسە
کە بازی خۆرە تێپەڕ بوو لەسەر وان	دوایی دێ لە کوردستانە زستان
کە ڕۆژ دەرچوو لە نێو هەرسێ، بەهارە	زەمانی عەیش و مێرگ و مێرغوزارە...

ئەو خولیای وشەی کوردی بوو، و بە ڕێز و حورمەتێکی تایبەت لە زمانەکەی خۆی دەڕوانی. هەروەها لە چوارچێوەی کاروباری ئایینی و ئەرکی دینیدا، مەلایەکی پسپۆڕ و خوناسێکی ڕووناکبیر و لێزان بوو. زۆر کەس پێشنیاری نووسینی کتێبێکی شەرعی یا تەفسیر یا بابەتێکی ئایینییان لێدەکرد، بەڵام لە کاتێکدا باوەڕی و ئەوینێکی پتەوی بەم ڕێبازە هەبوو، زۆر وردبین و وشیارانە دەیگوت: ئێمە تا ئێستا بە زمانەکەمانەوە ماوین. وشەی کوردی پێویستی بە خزمەت و بە دەورداهاتن هەیە. لە هەموو بابەتێکی شەرعی و ئایینیدا کتێب و نووسراوی پێویست هەن، ئێمە دەبێ هونەر، دابونەریت، ئەدەب، مێژوو و کەلەپووری نەتەوەکەمان بپارێزین و لە بیرمان نەچێ زمانەکەمان لە ئاویلکەدایە.

تەنانەت ساڵێك بەر لە مردنی، کە بە شوێن کارێکی ئەدەبیی پێویستدا دەگەڕا و لە هەوڵی هەنگاوێکی تردا بوو، من **گلشن راز** ی شێخی شەبوستەریم نارده خزمەتی و قەویتی وەرگێڕانی ئەو کتێبەم لێکرد. ئەو گەورەیی خۆی نواند و ڕەعایەتی دڵ و داواکەی منی کرد، کتێبەکەی بەسەردا نەدامەوە. بەڵام دوای ماوەیەك تەنیا وەرگێڕانی

کوردیی پێشەکیی کتێبەکەی بۆ ناردم و فەرمووی: ئەم کتێبە گەلێك جار چاپکراوە و نافەوتێ. ئێمە شتی لە فەوتان نزیکمان زۆرە.

به نێوی ئەوهەه فکری داوه بە گیان　　　چرایی دڵ بە نووری ئەو درەخشان
بە لوتفی ئەو دوو عالەم بۆوە ڕەوشەن　　　بە چاکەی خاکی ئادەم کردە گوڵشەن
لە یەك چاونانە سەر یەك، زاتی زانا　　　بە کاف و نوونە دوو دنیایی دانا
هەزاران نەخشی لەو لەوحەی کە کێشا　　　ڕەگەی جەرگی نەبوونی ڕادەکێشا
ئەلەو کاتەی دەبوو پەیدا دوو عالەم　　　ڕوحی چوو بەر ئەلەو دەورانە ئادەم
لە ئادەم عەقڵ و زانین گەر دەبوو قوت　　　بەوەی دەرکی دەکرد ئەسڵی هەموو شت
کە خۆی دیی هەر بە یەك مەردی دیاری　　　کدی بیر ئەو لە خۆی و کاروباری
گوتی: من چم؟ هەوێنی من چ جۆرە؟　　　لە بۆ تاسی زەوی بۆ بوومە مۆرە؟
لە قەترەی‌ڕا دەچوو بۆ لایی دەریا　　　گەڕاوە گەر لەوێ، ڕووی کردە دنیا
لە جوزئی بۆ تەڕەف کول گەر دەڕۆیی　　　گەیشت ئەو پێی و مەس بوو هەر بە بۆیی
کە تاقی دیی لە نێو ئەعدادە جاری　　　بە دنیایی دەبوو کەم ئیعتیباری
عەدەد کوللە ئەگەر بکرێ شومارە　　　بە باشی واحید و تاقی دیارە...
دەگۆڕا باس چوون مەنزڵ بە مەنزڵ　　　لە نێو زەینی خەڵکدا بووبە موشکڵ
ئەوەی گەر گێژە لەو مەعنا گرانە　　　دەبێ فێری ببێ، نەگرێ بەهانە...

سەرەڕای ئەو ئەوینە پاکە سەبارەت بە زمانەکەی، بەڵام ئەویش وەك مەلاکەی هەورامانی گۆران، بازی ڕوحی چەش‌خواردووی شێعری شێوە زووی عەجەم و عەرەب بووە. سەرەتای دەرس خوێندنی بە کتێب و شێعرەکانی عەرەبی و فارسی دەستپێکردبوو. **ناگەهان، سەنگتراش، گوڵستان، پەندنامەی عەتتار، تەسریف، عەوامیل، ئەنمووزەج، ئیزهار، جامی، سیوتی**، ... بازی ڕوحی ئەویان چەش‌خواردوو کردبوو. هەر بۆیە بەیناوبەین لە پاڵ شێعری کوردیدا دەستی بۆ شێعری فارسیش دەبرد، و بەرهەمی ئەو پڕیشکانە بووبە **کلیات فارسی** کە بۆ ئەوە دەبێ لە سەر خوانی ئەدەبی بەرینی فارسیدا دابنرێ و باسی لێوە بکرێ.

**و بەڵام...!**

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨، یانی نزیکەی پێنج ساڵ بەر لە کۆچی‌دوایی، مەلاکەریم کە هەستی بە کزبوونی هێز و توانای لەشی کرد، و ڕشکەوپێشکەی چاوی، تارمایی مەرگیان لە نێو تەڵخیی تەم و مژەکانی خەستی کوێستان دەکرد، پەنای بردە بەر ئەزموونی ژیانی شەست ساڵەی خۆی. وەکوو **ئارەش** هەموو توانست و تاقەتی خۆی هێنایە کایەوە و پێی نایە **چیمەنی هۆزانێ**. لە داوێنی کێوی **دمدم** وەسەر کەوت و لە سەر **بەردی شمشێرخان** خۆی گرتەوە. لە وێرانەی قەڵای شێرەپیاوانی ڕوانی و دڵۆپێ فرمێسکی گەرمی تکاندە سەر خۆڵی پیرۆزی دمدم. بڕیاری دا و پەیمانی لەگەڵ ڕوحی شەهیدان بەست کە ئەوی لە نەغدینەی تەمەن پێی ماوە، لە پێناو زیندوو کردنەوەی حیماسەی سەراسەر شانازیی ئەوانی هەڵڕێژێ. لە سەر ئەو پەیمانە، ڕوح و هزر و بیری خۆی لەوێ جێهێشت و تەنیا گۆشت و پێست و ئێسقانی بۆ گرتنی قەڵەم، گەڕایەوە هۆدە بچووك و ساکارەکەی لە داوێنی کوێستانی کاوڵانی سەروو. و لە کاتێکا لە پێدەشتەکانی دمدم دادەگەڕا و بە ناوقەدی شاخەکانی کاوڵان هەڵدەگەڕا، لەبەر خۆوە لە ژێر لێو دەدوا، و ئەگەر لێی نزیك بای، دەتبیست کە دەڵێ:

تکایە دەکەم من لە یەزدانی پاك    خوداوەندی ئاو و خوداوەندی خاك
خوداوەندی شت زان و زانا بە ڕاز    لە هەرچی کەس‌وکارە ئەو بێ‌نیاز
ئەلەو کاتە گەر پیر و گەردەن کەچم    بەرەوپیل و پێشوازی مردن دەچم
ببەخشێ بە من هێزی شێعری جوان    کە بەیتێکی دانێم ڕێك و ڕەوان
لە جەنگاوەریی کورد و سەرسەختییان    لە کێشە و شەڕ و شووڕ و بەدبەختییان
چ بەیتێ؟ هەموو باسی ئازایەتی    شەڕی شێرەمەردان و مەردایەتی
شەڕی خەڵکی کوردە و گیانبازییە    کە مێژوویی ئەو پڕ لە شانازییە
شەڕی کاوەیی کوردی بێ‌ترس و لەرز    ئەمیرخان، سەرکردەیی پایەبەرز
هەمووی دادەڕێژم لە یەك بەیت و باو    بە یاقووت و پیرۆزە نێو پڕکراو
بڵێندی دەکەم من لە چەشنی قەڵا    قەڵای شێعری نەخشاوی زێو و تەڵا
قەڵاییێکی بێ‌لینگە و بێ‌نیشان    نەڕووخێ بە سێڵاوی چەرخی زەمان...

بەڵێ، ئەو گەڕایەوە و هەرچەند خۆی لەم‌بارەیەدا سەرچاوەیەك بوو، بەڵام دیسان بەبێ‌بوار لە ئاوی نەدا. کەوتە پشکنینی مێژوو و لە هەر کتێب و کتێبچە و یادداشت و نامیلکەیەك، بەرکوتێکی پاشەکەوت کرد. **عالەم‌ئارای عەباسی** بە وردی خوێندەوە و بە **تۆحفەی موزەففەرییە**دا هاتەوە و گوێی بۆ گەلێك بەیت‌زان و بەیت‌بێژ ڕاگرت. ئەرخەیان و ئاگراوی لە بناغەوە **قەڵای دمدم** ی داڕشتەوە. بەڵام ئەمجار تۆپی کەللە و تۆپی هەوشار و تۆپی نامەرد کاریان لێ‌نەدەکرد. تەنانەت نەیاندەتوانی دیواریشی بڕووشێنن.

مەلاکەریمی فیدایی بەر لە ڕۆیشتنی یەکجاری، ئەم دوایین ئەرکەشی بەجێ گەیاند. ئیدی خۆی لەوە ئەرخەیان بوو کە ئەوەی دەبوو کردبای، کردی. ئەو پاشی نووسینی **دمدمنامە** تەنیا ساڵێك بە سلامەتی ڕایبوارد. ئەمجار وردە وردە نیشانەکانی نەخۆشی وەدەرکەوتن و پتر و پتر بوون. تاکوو برستیان لێ‌بڕی و لە پێیان خست. و بەم جۆرە، پتر لە ساڵێکیش لە سەر جێگا کەوت. لە ماوەی یەك ساڵ سلامەتیی دوای نووسینی **دمدمنامە**، هەموو بیر و ئەندێشەی ببوە دەست‌پێکردن و بەجێ‌گەیاندنی کارێکی گرینگ. ئەو، لە شتێکی تریش دەگەڕا. هەرچەند زۆری حەول دا، بەڵام نەیتوانی لەو ماوە کورتەی بەر لە ڕۆیشتنی، ئەو هەنگاوەی کە خۆی مەبەستی بوو، هەڵێنێتەوە. تەنیا بەرهەمی ئەم یەك دوو ساڵە، چەند پارچە شێعر و وەرگێڕانی پێشەکییەکەی **گوڵشەنی ڕاز** بوو.

مەلاکەریم ئەرکی خۆی بەجێ‌گەیاند. بە تایبەت بە نووسینی دمدمنامە لە پتر لە حەوت‌هەزار دێڕە شێعردا، کە ئەویشی لە بەرگی کەسك وەرپێچا و لە پەنا لاس‌وخەزاڵ و مێژووی ژیان و دیوانی شێعرەکانی دانا.

ئێستا، کە بە سەر تووڵەڕێی پێچاوپێچی دۆڵەکاندا، بەرەو **کاوڵانی سەرێ** هەڵدەکشێی، بەر لەوەی بگەیە ئاوایی، حەسارێکی سەنگچن لە سەر دوندی گردێکی بەرز، سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. بەرینایی ئەم گۆڕاییە، کە نزیکەی بیست میتری چوارگۆشە دەبێ، کوچکەڕێژ کراوە و دەورانەدور بە گوڵووکی کوێستانی ڕازاوەتەوە و لەم ناوەدا گۆڕێکی جوان، بە دوو کێلی بڵندەوە خۆ دەنوێنێ. لە کێلی ژووری سەری، وێنەی پیاوێك هەڵکەندراوە کە بە درۆشم و چاوە کاریگەرەکانی‌ڕا، شێوەی پیاوێکی بە وره و تەبع بڵێند و ئازا دێنێتە بەرچاو، کە لە ژێری نووسراوە:

**گڵکۆی مامۆستای پایەبەرزی ئەدەبی کوردی، مەلاکەریمی هونەرمەند، ناسراو بە فیدایی. ( ١٣٧٢ – ١٣٠٧ )ی هەتاوی.**

بەڵام ئەوە تەواو بوونی کاری مرۆڤێکی گەورە نییە. بەڵکوو دەستپێکردنێکە. داهاتوو مەلاکەریم باشتر دەناسێ و شوێنەوارەکانی دەخاتە تەرازووی هەڵسەنگاندن و نرخاندن و دەیاننێتە سەر پێڵووی مێژوو.

---